# ژن و مۆدێڕنیتە لە ئێران

دوکتۆر روئیا تلووعی

مۆدێڕنیتـــە دەورانێکـــە کـــە ســـەبارەت بـــە مێـــژووی خـــۆی ئاگـــاداری و زانیـــاری هەیـــە. دەتـــوانین بڵـــێین مۆدێڕنیتـــە چـــەمکێکە، کـــە بـــۆ پێشـــکەوتنەکانی مرۆڤـــ لـــە بـــاری ئـــاوەز و زانســـت و تـــەکنۆلۆجیا و پیشەســـازی و فەلســـەفە، بـــە کـــار دێـــت. مۆدێڕنیتـــە لـــە ســـەرەتاکانی ســـەدەی هەڤـــدە دەســـت پێـــدەکات و تـــاکو نیـــوەی ســـەدەی بیســـت دەگـــات. کەواتـــە مۆدێڕنیتـــەی رۆژئـــاوایی کـــە لـــە دایـــك بـــووی رۆژئـــاوای ئەورووپایە مێژوویەکی ٣٥٠ ساڵەی هەیە.

مۆدێڕنیتـــە لـــە ســـەرەتاکانی ســـەدەی هەڤـــدە لـــە بـــەریتانیا و فەڕەنســـە دەســـت پێـــدەکات و بناغەکانیشـــی لـــە فەلســـەفە دایـــە. بیرمەنـــدانێك وەك «فرانســـیس بـــەیکن» لـــە بـــەریتانیا و «رێنـــە دێکـــارت» لـــە فەڕەنســـە، لـــەو فەیلەســـووفە پێشکەوەتووانەن لەم بووارەدا.

مۆدێڕنیتـــە لـــە وشـــەی «مـــۆدێڕن» گیراوە کـــە مانـــای نـــوێ دەدات. لـــە نقیســـاردا ٢٠٠٠ ســـاڵە کـــە ئـــەم وشـــەیە بـــە کـــار هـــاتووە. یەکـــەم جـــار «هـــۆراس» لـــە روومـــی کۆنـــدا ئـــەم وشـــەیەی بـــە کـــار هێنـــاوە. بـــەڵام چـــەمکی مۆدێڕنیتـــە بـــۆ یەکـــەم جـــار شـــاعیرێکی فەڕەنســـی بـــە نـــاوی «شـــارل بـــوودلێر» لـــە وتارێـــك بـــە نـــاوی «وێنەســـازی رۆژگـــاری ئێمـــە» بـــە کـــاری هێنـــا. «بـــوودلر» مۆدێڕنیتـــە بـــە بابـــەتێك دەزانـــێ کـــە شتێکی مۆمکینە و رەوتێکی خێرای هەیە.

ســـەرەتای مۆدێڕنیتـــە هاوکاتـــە لەگـــەڵ جیابوونـــەوەی مرۆڤـــ لـــە بـــاوەڕە خـــەرافی و ئۆســـتوورەکان و تـــا رادیـــەکیش مەزهـــەب و گرنگیـــدانی مرۆڤـــ بـــە عـــەقڵ و ئـــاوەزی خۆی. هـــەر بۆیـــە مرۆڤـــ لـــە ســـەر بنـــەمای عـــەقڵی خـــۆی، بیـــر لـــە خـــۆی و جیهـــانی دەوروبـــەری خـــۆی دەکاتـــەوە. جیهـــانی دەوروبـــەری دەتوانـــێ بـــاوەڕە خەرافییـــەکان، کۆمەڵگای نـــەریتی، مـــەتافیزیك و سروشـــت بـــێ. ئەمـــەش لـــە خوێـــدا زۆر شـــێوەی لـــە بنـــەماکانی ئۆمـــانیزم دەچـــێ. هـــەر لـــە ســـەر ئـــەم خاڵەیـــە کـــە مرۆڤـــ دەبێتـــە ســـوژە

(ناسـەر) و سروشـت دەبێتـە ئۆبـژە (ناسـراو). مرۆڤـــ دەسـت تێـوەردانی سروشـت دەکـات و لـە سـەر مـەیل و داخـوازی خـۆی، سروشـت دەگـۆڕێ و بـۆ داخوازیـەکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ.

لـە رەوتـی مۆدێرنیتـەدا برێـك چـەمکی نـوێ وەك عەقڵانیـەت، زانسـتخوازی، تاکیـــەتی، کۆمـــەڵگای مـــەدەنی و روون کردنـــەوە، دێتـــە نێـــو پێکهاتـــەکانی فەیلەسـووفەکانی رۆژئـاوا. چـەمکی کۆمـەڵگای مـەدەنی یەکـەم جـار «تۆمـاس هـابس» (شـاگردی بـەیکێن) لـە نـاو کتـێبی لیڤیاتـان **Leviathan** بـە کـاری هێناوە. «جـان لاك» (شـاگردی هـابس) بـۆ یەکـەم جـار بـاس لـە چـەمکی تاکگـەری دەکات. لـە سـەدەی هەژدەشـدا «کانـت» باسـی چـەمکی روون کردنـەوە دەکـات و لـە وتـارە بەناوبانگەکـەی خۆیـدا بـە نێـوی «روون کردنـەوە چیـە؟» دەڵـێ: روون کردنـەوە بریتییە لـە دەرچـوونی مرۆڤـــ لـەو کەمینانـەی کـە خـۆی بـۆ خـۆی سـازی کـردووە. (وەك ئۆستوورەکان، وەك خەرافات)

مۆدێرنیتـە سـێ قۆنـاغی هەیـە: دەسـت پێکـردن و سـەرکەوتن و نـزم بوونـەوە. دەسـت پێکردنـی لـە سـەدەی هەڤدەدایـە و لـە ئەسـتۆی «بـەیکێنی» بـەریتانی و «دێکـارتی» فەرەنسـی و «سـپینۆزا» و «لایـب نیتـزی» ئەڵمانییـە. سـەرکەوتنی مۆدێرنیتـە لـە تاکگـەری «جـان لاك» و گومانگـەری «دەیڤیـد هیـووم» و روون کردنەوەی «کانـت» دایـە. نـزم بوونـەوەی مۆدێرنیتـە لـە دواییـەکانی سـەدەی نـۆزدەدا بـە رەخنـەکانی «نیچـە»ەوە دەسـت پێـدەکات و لـە دواییـەکانی سـەدەی بیسـتەمدا پۆست مۆدێرنیزم رەخنە لە مۆدێرنیزم و لە دەسکەوتەکانی دەگرن.

رەخنەگەران دەڵێن:

١- مۆدێرنیتـە جۆرێـك بـێ سـنووری تێدایـە و رەوتـی مۆدێرنیتـە لەگـەڵ رەوتـی پیشـەیی بـوون و مێکـانیزە بـوونی ژیـان و گـەورەبوونی شـارەکان، بۆتـە هـۆی ئـەوەی مرۆڤــ لە هەسـت و مرۆڤایـەتی خـۆی دوور بێتـەوە و بـە هـۆی بـەکارهێنانی ئـاوەزی تەنیا و بە بێ هەست، مرۆڤــ لە خۆی بێگانە بێت و تەنیا بمێنێتەوە.

٢- مرۆڤــــ دەســت تێــوەردانی سروشــت دەكــات. و ســوژە دەســەڵاتی بــە ســەر ئۆبــژەدا هەیــە. بــەڵام لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمدا ســوژە بــە ســەر ســوژەدا دەســەڵات دەگــرێ و دەبێتــە هــۆی كوشــتنی مرۆڤــــ بــە دەســت مرۆڤــــ و بــە داخــەوەش بــە كــەڵك وەرگــرتن لــە ئــاوەز و زانســت و تــەكنۆلۆجیا. وەك ئــەوەی «هیتلێر» لە شەڕی جیهانی دووەمدا كردی.

«هــابر مــاس» لــە ســەر ئــەو بڕوایــە كــە مۆدێڕنیتــە، تەنانــەت لــە رۆژئاواشــدا پڕۆژەیــەكی ناتــەواوە، بــەڵام پۆســت مودێڕنــەكان وەك «ژاك دریــدا» و «میشــێل فۆكــۆ» و «لیۆتــار» و «ئیهــاب حەســەن» لــە ســەر ئــەو بــاوەڕەن كــە مۆدێڕنیتــە لــە ناوەڕاســتی ســەدەی بیســتەمدا تــەواو بــووە و ئێســتا دەبــێ لــە زەمــەنی هاوچــەرخدا دەسكەوتە نالەبارەكانی مۆدێڕنیتە بكەوێتە بەر رەخنە.

مۆدێڕنیتــە بــەو هــەموو كێشــە و رەخنــە كــە لــە ســەریەتی، ئەســەری زۆری لــە سەر ژیانی ژنانی جیهاندا بــووە. دیــارە ژنــان قــەد نــەیانتوانیوە بگەنــە ئاســتی ئــەوەی بەشی راســتەقینە و یەكســانی خۆیــان لــە ژیانــدا بــەدەست بهێــنن، بــەڵام بارودۆخیــان لە چاو زەمەنی پێش مۆدێڕندا زۆر گۆڕاوە.

لــە كۆمــەڵگا مۆدێڕنەكانــدا، پێوەنــدی ژن و پیــاو لــە كــاتی كــار و خوێنــدن و لــە كۆمــەڵ و لــە بنەماڵــەدا زۆرتــر و ئاشــكراتر بــووە و هاوڕێیــەتی ژن و پیــاو وەك هاوڕێیــەتی پیــاو لەگــەڵ پیــاو شــتێكی ئاســاییە. دیــارە لابردنــی بــاوەڕی «تــرس لــە پیــاو» لــە بــیر و زەیــنی ژن، دەبێتــە هۆكــاری لابردنــی كۆســپێك لــە ســەر رێگــای سەركەوتنی ژن و بەشــداری ژن لــە كۆمەڵــدا و زۆر لــەو گومــان و ترســانە كــە لــە دڵــی ژنــدا هەیــە لای دەدات. بزووتنــەوە فمینیســتیەكان، ئــاڵوگۆڕێكی زۆریــان لــە ســەر رەوتی هــەنگاو هــەڵگرتنی ژنــان بــەرەو گەیشــتن بــە مافــە رەواكانیــان پێــك هێنــاوە و دیــارە ئــەم بزووتنەوەیــە بــە شــێوەی جیــاواز هــەموو شــوێنێكی جیهــان و هــەموو وڵاتێكی گرتۆتە بەر.

ســەبارەت بــە كۆمــەڵگای ئێــران دەبــێ ئامــاژە بــەوە بكــرێ كــە كۆمــەڵگای ئێســتای ئێــران نەخۆشــە و حاڵــەتێكی بــەرەو شــكانی هەیــە. ئــەم كۆمەڵگایــە نــە

نەریتیــە و نــە مۆدێڕنــە. بــە داخیشــەوە ڕەوتێکــی یەکسانیشــی بــەرەو مۆدێڕنیتــە ئەزموون نەکردووە و لە ئێران پەرەسەندنێکی هەمە لایەنە بەچاو ناکرێ.

ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە مۆدێڕنیتە کەی و چۆن هاتە ناو ئێران؟

لە هــەمان کاتــدا کــە لــە ڕۆژئــاوا بەســتێنی فەلســەفی مۆدێڕنیتــە ئامــادە دەکــرا، بە داخەوە لــە ئێــران هــیچ چەشــنە مۆدێڕنیتەیــەکی فکــری - فەلســەفی دیــاری نــاکرێ و بەستێنی فکری مۆدێڕنیتــە لــە ئێرانــدا بــەدی نایــەت. بــەڵام لــە نــەبوونی بەســتێنی فکری و فەلســەفی و کولتــووری مۆدێڕنیتــەدا، ئــامرازی پێشــەیی نــوێ بــۆ یەکــەم جــار بــە دەســت برایــانی «شــێرلی» لــە بــواری چــەکداریدا دێتــە ئێــران و لــە دەورانــی «سەفەویە»دایە کە ئەم برایانە تۆپ دەهێنن بۆ ئەم وڵاتە.

کــە واتــە ئیســتبدادی ڕۆژهــەڵاتی هــەر بــەردەوام و ســەقامگیر دەمــێنێ و یەکــەم تایبەتمەنــدی قونــاغی مــۆدێڕن لــە ئێرانــدا دەبێتــە بابــەتی چــەکداری و زۆرمەنــدان و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتــە لــە ئــامرازی مــۆدێڕن بــۆ مســۆگەر کردنــی دەســەڵاتی خۆیــان کەڵك وەردەگرن.

لــە بــواری زانســت و فێرکاریــدا، بــەرەو مۆدێڕنیتــە چــوون لــە زەمــەنی «ئــەمیر کــەبیر»ەوە بــە دانــانی خوێندنگــەی «دارولفونــوون» دەســت پێــدەکات. لــە بــواری کۆمەڵایــەتی و سیاسیشــدا دەکــرێ ئامــاژە بــە کــاتی «مەشــرووتیەت» لــە ئێرانــدا بکــرێ کــە کەســانێك وەك «مــیرزا ملکــۆم خــان» و «مــیرزا جــەهانگیر خــانی سوورئیســرافیل» و «مۆشــیرۆدەولە» و «تــەقی زادە» و... هتــد، ڕۆڵێکــی هــەرە گرنگیان تێدا هەیە.

«تــەقی زادە» لــە ســەر ئــەو بڕوایــە بــوو کــە دەبــێ شارســتانیەت و مەدەنیــەت کۆن تێکڕا بسڕنەوە و لە سەر تا پێ ببنە ڕۆژئاوایی.

ڕەوتــی چــوون بــەرەو مۆدێڕنیتــە لــە بــواری هێــزی سیاســیەوە بــە دەســت «ڕەزا خــان» بــەردەوام دەبێــت و لــە چــەند بــواردا هــەوڵ دەدا ئێــران مــۆدێڕن کــات. لــە بــواری کولتــووری فــەرمانی لابردنــی حیجــاب دەدات و لــە بــواری چــەکداری و هێــزی نیزامــی ڕەوتــی مۆدێڕنیزاســیۆنی چــەکداری خێراتــر دەکــات. لــە بــواری

سیاسیشـدا دیـن لـە سیاسـەت جیـا دەکاتـەوە و لـە بـورای ئـابووری و پیشـەیی، پیشەسـازی نـوێ وەك ڕێگـای ئاسـن و پردسـازی و توانـەوەی ئاسـن و... هتـد دەهێنیت بۆ ئێران. لە بواری کۆمەڵایەتیشدا پەرە دەدات بە شارسازی.

بـە داخـەوە بـە هـۆی نـەبوونی کۆلەکـەی فەلسـەفی مۆدێرنیتـە لـە ئێرانـدا و نـەبوونی فەیلەسـووفی مـۆدێرن، ژنـان لـە جیـاتی یارمـەتی دان بـۆ مسـۆگەر بـوونی مۆدێرنیتـە، وەك ئامرازێـك لـە مۆدێرنیتـەدا بـە کـار هـاتن و تـەنیا لـە ڕواڵەتـدا مـۆدێرن بـوون. بـەم چەشـنە جۆرێـك دووبـەرەکی و دژایـەتی پێـك هـات. لـە لایـەکی تریشـەوە چـەمکی پاڵشـایەتی و بـوونی سیسـتەمێکی تاکەکەسـی خـاوەن هێـز و دەسـەڵات بـە نـاوی «پاڵشـا» خـۆی لـە خوێـدا لەگـەڵ مۆدێرنیتـە کـە تێکـەڵاوی دیموکراسـیەت و کۆمـەڵگای مەدەنییـە، یـەك نەدەکـەوت. بـە تـەواوی ئـەم قسـانەوە، بەشداری ژنان لـە کۆمەڵـدا و ئاسـتی خوێنـدەوارییان زۆرتـر بـوو و نـاکرێ نکـووڵی لـە دەسکەوتەکانیش بکرێ.

بــە هــەر حــاڵ، لــە کــاتی مەشــروتەوە تــا ڕاپــەڕینی ٥٧ی هــەتاوی ئێــران کۆمــەڵگای ئێرانــی لــە ئــەزموونی هــەنگاونان بــەرەو مۆدێرنیتــەدا بــوو. ژنــان بــە هــەموو کێشــەکانیانەوە، لــە کۆمــەڵگادا بەشــدار بــوون و پێوەنــدی کۆمەڵایــەتی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ڕوو لە زیادبوونی دەکرد.

بــاوەڕ و بایەخــە کولتووریــەکانی کۆمــەڵگاش بــەرەو مۆدێرنیــەت دەچــوو. هەڵبــەت ڕەوتــی مۆدێرنیزاسـیۆن لـە هـەموو شـوێنێکی ئێرانـدا یەکسـان نـەبوو. لـە تاران و چـەند شـارێکی گـەورەدا ڕەوتێکـی خێـرای بـوو، بـەڵام لـە زۆر شـوێنی ئێـران هێشتا کۆمەڵگا زۆر نـەریتی بـوو و هـەرواش کـە لـەوە پـێش ئامـاژە کـرا کولتـووری مۆدێرن لە ئێرانـدا مسـۆگەر نـەبوو و تـەکنۆلۆجیای مـۆدێرن بـە بـێ بەسـتێنی فکـری و کولتـووری هاتـە ئێـران و بۆیـەش بـە شـێوازێکی یەکسـان لـە هـەموو ئـەم وڵاتـەدا پەرەی نەسەند.

لــە ڕاپــەڕینی ٥٧ی هــەتاوی ئێرانــەوە و دەســەڵات گــرتنی کولتــووری ئــایینی و مەزهــەبی، ڕوانگــەی نــەریتی ســەبارەت بــە ژن دیســانەوە بــەهێز بــووەوە. لــە

سەرەتاكانی راپەڕین و بە تایبەت لە دەیەی شەستی هەتاویدا بیر و بڕوای رادیكالی و توند لە سەر ژنان، وەختە بوو ژنان بە تێكڕایی بخاتە گۆشەی فەرامۆشی و لە بیری كۆمەڵی بەرێتەوە. ژن و پیاو بە توندوتیژی لە یەك جیا دەكرانەوە و عەشق قەدەغە و حەرام كرا. ژنان و پیاوان تووشی پارادۆكسێك هاتن. لە قەدەغەبوونی عەشقدا هەنگاوەكان بەرەو هەوەس چوو و فیسادی نهێنی پەرەی سەند و ژن و پیاو كران بە ئامراز. لە نەبوونی دەسەڵاتداری عەقڵانیدا، روانگەكان كەوتنە ژێر چەپۆكی هەوەس و ئارەزوو.

بەستێنی كولتووری كۆمەڵگا لەو كاتەشدا یەكسان نەبوو. لەو شوێنانەی كە خێراتر بەرەو مۆدێرنیتە چوو بوون ئەو زەختانەی لە سەر ژنان بوو كەمتر قبووڵ دەكرا و راوەستان لە بەرامبەریاندا زۆرتر بوو. زیادەڕەوی و زەختی نەریتی - ئایینی وەك پارادۆكسێكی گەورە خۆی نیشان دا. ناوەڕۆكی كۆمەڵگا خەریكی مۆدێرن بوونەوە بوو، بەڵام رواڵەتێكی نەریتی دەسەڵاتی گرتبووە دەست. ئەم نەریتی بوونەوە لەگەڵ پێوەندییە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی زەمەنی خۆیدا لە دژایەتیدا بوو. لەو شوێنانەش كە هەر لەوە پێش نەریتی بوون هەنگاوە بچووكەكان بەرەو مۆدێرنیتە زۆر بێ هێزتر ببوو. ئەم پارادۆكسانە ببوە هۆی بارودۆخێكی سەرنج راكێش كە نەیدەتوانی بەردەوام بێت.

پێوەندی بەربڵاوی كولتوورەكانی زەمەنی هاوچەرخ لە جیهاندا بووە هۆی ئەوەی كە رەوتی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو مۆدێرنیتە تەنانەت لە شوێنە نەریتییەكانیش لە ئێران دیسان دەست پێ بكاتەوە. دیارە ئێستاكەش بەستێنی كولتووری مۆدێرنیتە و چۆنیەتی رەوتی مۆدێرنیتە لە هەموو شوێنێكی ئێراندا هەر یەكسان نییە. بەڵام خەریكی پەرە سەندنە و نووسەری ئەم بابەتەش لە سەر پێك هاتنی بەستێنێكی عەقڵانی كولتووری بۆ مۆدێرنیتە لە كۆمەڵگای ئیمڕۆی ئێراندا، زۆر گەشبینە. ئیمڕۆ كە چەمكگەلێك وەك عەقڵانییەت، تاكگەری، روون كردنەوە و كۆمەڵگای مەدەنی و... هتد چۆتە نێو چینی لاو و پرسیاریان لا ساز كراوە.

ژنانی ئێرانیش هەرچەند کە کێشەیان لە چاو پیاواندا ئیجگار زۆرترە بەڵام خەریکی هەوڵ و تێکۆشان و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو مۆدێڕنیتەن و بوونەتە کۆسپی گەورەی سەر ڕێگای نەریتەکان.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هێشتا کەم نین ئەو ژنانەی کە تەنیا لە ڕواڵەتدا مۆدێڕن دەنوێنن، بەڵام لە زەین و بیر و بڕوای خۆیاندا سەربەخۆ نەبوون و پێوەندی نێوان ژن و پیاو لە ئێراندا ئێستاش هەر ئاڵۆزە. لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ژنان بەرچاو دەکەوێ کە نکوولّی لێ ناکرێ. ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکی بێ سەرە، بەڵام ناوەرۆکێکی خەڵکی و دیموکراتیکی هەیە. ئەم بزووتنەوە ڕێگایەکی درێژی لە بەردەمدایە تاکو شێوازی مۆدێڕنی خۆی وەدۆزێت و ڕێبەرایەتیەکی روون و ئاشکرا هەڵبژێرێ و داخوازیەکانی بە روونی دابین کات.

ئیمڕۆکە لە ئێران خوێندەواری و خوێندنی ئاکادمیکی ژنان زۆر بووە. ژنان زۆرتر لە پیاوان دەچنە زانکۆ و زانستی ژنان لە سەر پێگەی خۆیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا خەریکی زیاد بوونە. ژنان زۆرتر بە مافەکانیان ئاشنا دەبن و ئەمانەش هەمووی مزگێنی داهاتوویەکی روونترە بۆ بزووتنەوەی ژن لە ئێران. بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی دیموکراتیکی هاوچەرخ لە ئێراندا ئەوەندە ئاشکرایە کە نکوولّی لێ ناکرێ. پێشکەشکرانی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بۆ ژنێکی ئێرانی بۆتە هۆی دڵگەرمی زۆرتر و پتەوتر بوونی هەنگاوی ژنان.

لەو لایشەوە زۆرتر بوونی ئاستی تەندروستی و نزمتر بوونی ڕێژەی منداڵ بوون و سکوزێ و، کەڵك وەرگرتنی بنەماڵەکان لە ئامرازی نوێی تەکنۆلۆجێك لە نێو ماڵدا کە بۆتە هۆی ئاسانتر بوونی کاری ناوماڵ، دەرفەتێکی زۆرتر بۆ ژن دەڕەخسێنێ کە بتوانێ بە ژیانی تاکەکەسی خوێشیدا رابگات. هەر چەند کە رادەی مەشغوول بوون بە کار بۆ ژنان لە ئێران ١٠٪ی پیاوانە، بەڵام وردە وردە روو لە زیادبوون دەکات. پێوەندی کولتووری ژنانی ئێران بە هۆی ئینتەرنێت و هاتووچۆی وڵاتانی بیانی رۆڵێکی گرنگی هەیە لەوەدا کە ژنان پێناسەی پێگەی

خۆیـان و ژنـانی دیکـەی دنیـا بکـەن و هـەوڵ بـدەن داخوازیـەکانیان دابـین و روون بکەنەوە.

ئێسـتا لـە ئێـران ژنـان ٢/٥ بەرابـەری پیـاوان خوازیـاری تـەڵاقن. جیـاواز لـە بابەتـە خـەمبار و ناخۆشـەکانی تـەڵاق، رەوتـی زیـادبوونی ئـەم داخوازیـە لـە لایـەن ژنانـەوە ئامـاژە بـە زیـاتر بـوونی ئاسـتی زانیـاری ژن سـەبارەت بـە مـاف و پێگـەی خۆی و هەوڵ بۆ چاکتر بوونی بارودۆخەکەی دەکات.

لە ئاکامـدا دەکـرێ بـوترێ کـە بـەو هـەموو کێشـە ئـاڵۆزە و نایەکسـانیانەی کـە لـە بـارودۆخی ژنـان لـە ئێرانـدا هەیـە، ژنـی ئێرانـی خـەریکی گەڕانـەوە و پیاچـوونەوەیەکە بـە خۆیـدا و ناسـینی خـۆی وەك مرۆڤێـك، نـەك تـەنیا وەك دایکێـك و هاوسەرێك.

کە واتـە ژنـی ئێرانـی خـەریکی دابـین کردنـی پێناسـەیەکی عـەقڵانی لـە خـۆی و زۆرترکردنی ئاستی زانست و ئاگاییەکانیەتی، کە ئەمەش دەتوانێ یارمەتیەکی گەورە بێ بۆ بەدی هێنانی بەستێنی کولتووری و فکری مۆدێڕنیتە لە ئێران.

دیارە ئەگەر بەستێنی فکری - کولتووری بەدی بێت، ئـیتر ژن تـەنیا وەك ئامرازێـك بەکار نایەت و ناکرێتە ئەکتەری شانۆی مۆدێڕنیتە. هەروا کە ئێستاش بڕێك لە ژنان وەك ئامرازێك لە روانگەی نەریتیدا بەکار دێن و شانۆیان پێ دەکرێ.

سەبارەت بە رۆڵی ژنانی کورد لە رەوتی مودێڕنیتەدا دەخوازێ وتاریکی تر بنووسرێ. بۆ ئەوەی کێشەی کورد و ژنانی کـورد بـە هـۆی نـەبوونی دەسـەڵات و دوور خسـتنەوەی ئانقەسی کۆمەڵگای کوردی لە پیشەیی بوون، لە هەمان کاتدا کە دەتوانـێ ئەسـەری لـە کولتووری دەسەڵاتە زاڵەکان بە سەر کوردیشدا گرتبێ، جیاوازی زۆریشـی لێیـان هەیـە و دەخوازێ کە تایبەتمەندیەکانی کوردەواریش لەو وتارەدا بەرچاو بگیرێت.

دیارە بڕێك لە بیرمەندانی رۆژئاوا لە سەر ئەو بڕوایەن کـە مۆدێڕنیتـە لـە رۆژئـاوادا تەواو بووە. بەڵام ئێران هێشتا لە هەنگاو هەڵگرتن لە نـەریت بـەرەو مودێڕنیتـە دایـە و مۆدێڕنیتەیەکی ناتەواو (**imperfect**) ئەزموون دەکات و ژنیش خەریکی ناسینی رۆڵی بە کەڵك و پێگەی خۆیەتی. هیوادارین ئەم هەنگاوە زۆری پێ نەچێت.